## سەی عەلی و قارەمانی قەڵەمفرۆش ... فەیسەڵ عەزیز



بەڕێزێک بەناوی ئارامی مافپەرەوە هاتووە گەورەترین سووکایەتیی "شەخسیی" بە عەلی مەحمود ئەکات، تەنها لەسەر ئەوەی عەلی مەحمود رەخنەی لەنووسەرێکی سەربەدەسەڵات گرتووە کە سووکایەتیی بە د. کەمال سەیید قادر کردووە. پێش هەموو شت من ئەو نووسین و داڕشتنە بە مافپەروەری نازانم و بەنووسینی مامۆستاو رابەرەکەی ئەزانم، ئەو رابەرەی مێژووی خۆی بەدەستی خۆی سووتاند و رۆیشتەوە لەهەولێر بەپارەی دزراوی ئەنفالەکان و گەرمیانییەکان و کەرکوکییەکان و هەڵەبجەییەکان مژ لە نۆشاوی خۆش دەدات و ژیان و گوزەرانی گەرم و نەرم کراوەو داهاتووی ئابووریی بۆ خۆیی و ماڵ ومنداڵ و نووسەرەکانی بەردەستیشی مسۆگەرکراوە.

زۆر جار لێرەو لەوێ گوتراوە، زەرەرمەندترین رۆشنبیرو نووسەرانی کورد ئەوانە بوون کە دژایەتی کەمال سەیید قادریان کرد و بە جنێوفرۆش و دەمپیس و بازاڕیی لەقەڵەمیانداو لێرەشەوە چینەی ئەوەیان بۆ دەسەڵات ئەکرد کە ئاوڕێکیان لێبداتەوەو شتێکیان تێبگرێت. لەبەرانبەریشدا هیچ نووسەرێکی کورد ئەوەندەی د. کەمال، زۆرترین و نووسەرانی کورد و نێوەندە نێودەوڵەتییەکان نەهاتوونە داکۆکیی لەئازادیی بێ بەندومەرجی ئەو بکەن و دەسەڵاتی سیاسیی شەرمەزار بکەن.

ئەوانەی بەنووسین و بە هەڵوێست و بەقسە لەپاڵتۆک و لێرەو لەوێ هێرشیان کردووەتە سەر د. کەمالی فڕێندراو و بەجنێوفرۆشیان دەناساندو لەبەهای ئەویان کەمدەکردەوەو، لەناو زیندانداتیشدا دەیانویست تێرۆری بکەن، جگە لەکۆمەڵێ قەڵەمفرۆش و خۆنزیککەرەوە لەدەسەڵات و کەسانی گومانلێکراو زیاتر شتێکی تر نەبوونەو نین.

کاک ئارامی مافپەروەر؟؟؟ هاتووە شتێکی نووسیوە لەسەر سەی عەلی و هێرشی " شەخسیی" ئەکاتە سەر عەلی مەحمود، من عەلی مەحمود لەنزیکەوە نانانسم، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە لەسەر حیساب و ژیانی خۆی و گیرفانی خۆی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دادگاییکردنی ئەو تاوانبارەی چەکی کیماویی بۆ حکومەتی بەعس دابینکردبوو. خۆزیا گەلی کورد دەیان کەسی لەچەشنی عەلی مەحمود هەبووایە، خەمخۆری ئەم جۆرە کارانە بوونایە. هەرچەندە من رەخنەم لە هەندێ ئەندامی رێکخراوەکەی عەلی هەیە واتە مەبەستم "چاک"ە، لەسەر دۆزی د. کەمال، بەهەمان ئیقاعی کاک ئارام لەچەندین کۆڕو کۆبوونەوەدا " بەدۆکیومێنتەوە" هێرشیان کردووەتە سەر د. کەمال و ئەوەی ئەیانوت نایانگووتەوە. بەواتایەکی تر چەمکی ئازادییخوازیی خۆیان بەتەواوەتی خستە ژێر پرسیارەوەو گومانێکی قووڵیان لەسەر خۆیان دروستکرد. بەڵام لێرەدا قسە لەسەر عەلی مەحمودە، ئەم پیاوە کاری زۆری کردووە لەناساندنی ئەنفال و هەڵەبجەدا، بۆ بێین بیکوتین و لێی کەمبکەینەوە لەکاتێکدا خۆمان هیچمان لەدەست نەیات.

دوا پەیڤم بۆ کاک ئارام ئەوەیە، ناوەکەت قۆپی کراوەو مامۆستا شیوعییە دێرینەکەت کە ئێستا لەسەنگەری ئەوەی جاران پێی دەگوت، حیزبی عەشایەریی و بنەماڵەیی تەقە لە د. کەمالی زیندانیی ئەکات و ناوی تۆ بەکاردێنێ، ئەو قسانە قسەی تۆ نین و بەناوی تۆوە دەکرێ، ئەگەریش پاسوێردەکەی خۆت داوەتە دەستی ئەو، ئەوە شتێکی ترە!!. بەڵام ئەوە

بزانە مامۆستاکەت هەمیشە کە لە گفتۆگۆی هێمنانەدا شتێکی نییە بیڵێ، دەچێت ئەگەڕێت بەدوای مەلەفی شەخسیی مرۆڤەکاندا و بۆ ئەوەی لێیان بدات.
من ئەکرێ بڵێم بەس خوێنەرێکی وردم، بۆیە مامۆستاکەت کە بەس زمانی کوردیی هەیە لافی پێوە لێبدات، لەوەشدا زۆر هەڵە ئەکات کە عەوام نایکات، ئاخر "عەلی" ناوێکی عەرەبیی سەربەخۆیەو ناوی مرۆڤە، ناکرێ وشەی سەی پێوە بلکێنرێ دەبێت بنووسرێ سەی عەلی، یان سەیید عەلی نەک سەیعەلی، چونکە لەم دۆخەدا "عەلی" کەناوێکی ناسراو و زەقە، ون ئەبێت.